Ministry of Higher Education and Scientific research

زانکۆ/ سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژ/ ئاداب

بەش/ کۆمەڵناسی

بابەت/ پەرتووکی کۆرسی: تیۆرەکانی کۆمەڵناسی-کلاسیک

مامۆستای وانە: د. هیوا علی عمر

کۆرسی یەکەم پاییزی ٢٠٢٣

## پەرتووکی کۆرس
## Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | تیۆرەکانی کۆمەڵناسی-کلاسیک |
| ٢- ناوی مامۆستای بەرپرس | د. هیوا علی عمر |
| ٣- بەش/ کۆلێژ | کۆمەڵناسی/ ئاداب |
| ٤- ئیمێل | Hewa.omar@su.edu.krd<br>hiwa1975@yahoo.com |
| ٥- یەکەی خوێندن لە هەفتەیەکدا | ٣ کاتژمێر |
| ٦- ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>٣ رۆژ لە هەفتەیەکدا+ هەفتانەش لانیکەم یەک(١) کاتژمێر لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە<br>تەرخان دەکرێت بۆ چارەسەری بابەتەکانی تایبەت بەدەرسگوتار |
| ٧- کۆدی کۆرس | Soc |
| ٨- پرۆفایلی مامۆستا | دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی (بەکالۆریۆس) لەساڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)؛ لەساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) ماستەرنامەم لەهەمان زانکۆ بەدەست هێناوە؛ وە لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بڕوانامەی دکتۆرام لە زانکۆی شەهید بهێشتی- تاران بە پلەی نایاب بەدەست هێناوە. سوپاس بۆ خوا |
| ٩. چەمکە سەرەکییەکانی "گۆران کۆمەڵایەتی" | تیۆری زانستی؛ جیهانی کۆمەڵایەتی؛ تیۆری کۆمەڵناسی، نایەکسانی کۆمەڵایەتی؛ هاوبەندی |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵایەتی؛ بیرۆکراسی و عەقڵانیەت؛ فۆرمەکانی کەسی و ژیانی کۆمەڵایەتی.. | |

## ١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

دیارە تێگەیشتن لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بنەمای تێگەیشتن لە دنیای نوێیە. تیۆرەکانی کۆمەڵناسی ڕۆڵێکی کارایان هەیە کە دروستکردنی ئەو تێڕوانین و ڕوانگانەی کە توێژەرانی دەتوانن لە ڕێگەیەوە:

١. دەتوانن دیاردەکانی لە چوارچێوەیەکی فراوانتر دا ببینن: واتە توێژەرانی دەتوانن دیاردەکان وەک بەسێک لە تابلۆیەکی گشتگیرتر دا وێنا بکەن کە کاریگەری لەسەر دیاردە بەشییەکان دادەنێت.

٢. بینینی ئەو دیاردانەی کە بەئاسایی دێنە بەرچاو کەچی دەکرێت زۆر شت بۆ ئێمە وەک کۆمەڵناس ئاشکرا بکات.

## ١١- ئامانجەکانی کۆرس

لەم کۆرسەدا هەوڵ دەدرێت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١. ئاشناکردنی قوتابیی بە ڕوانگە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسانی کلاسیک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی خۆیان.

٢. بەراوردکردنی ڕوانگە سەرەکییەکانی تیۆرانەکانی کۆمەڵناسانی کلاسیک.

٣. شیکردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمرۆی کوردستان بەگوێرەی ئەو ڕوانگانە بەگوێرەی توانای قوتابی.

## ١٢-ئەرکەکانی سیستمی هەڵسەنگاندن قوتابی

- ئامادەبوونی سمینارێک کە ناونیشانەکەی لەلایەن مامۆستاوە دەستنیشان دەکرێت.
- نووسینی ڕاپۆرتێکی زانستی

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرزنتەیشتن) | نووسینی ڕاپۆرتی زانستی | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠٪نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

## ١٣-ڕێگاکانی وانەووتنەوە

وانەکانی بەشێوەی دەرسگووتار بەکارهێنانی داتاشۆ و بەکارهێنانی شێوە و وێنەکانی ڕوونکردنەوە لەسەر وایت بۆرد.

## ١٤-دەرئەنجامەکانی فێربوون

قوتابی ئاشنا دەبێت بە بابەتی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی-کلاسیک لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی، زانینی چەمکە سەرەکییەکانی تایبەت بە تیۆرەکان، ئاشنابوون بە ڕوانگە سەرەکیەکان تیۆری کۆمەڵانسی کلاسیک کە یارمەتدەرێکی باش دەبێت بۆ قوتابی تاکو بتوانێت فاکتەرەکان و دەرئەنجامەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانی زانستییانەتر بناسێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

## ١٥. لیستی سەرچاوە: کۆمەڵێک سەرچاوە دەکرێت بە قوتابی بناسرێت. ئەو سەرچاوانە دەکرێت بە هەر زمانێک بن:

١. کتێبی "المقدمة" لعبدالرحمن ابن خلدون

٢. کتێبی "سەرمایە" کارل مارکس

٣. کتێبی "دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگای" و "ڕێساکانی میتۆدی لە کۆمەڵناسی" دۆرکایم

٤. کتێبی "ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری" ماکس ڤیبەر

٥. دوو توێژینەوەی جۆرج زیمڵ بەناونیشانی: "کۆمەڵگا چۆن بەدیدێت؟" و "پرسی کۆمەڵناسی لە کتێبی" لە کتێبی: "درباره فردیت و فرمهای اجتماعی".

٦. کتێبی "**کۆمەڵناسی**" لەنووسینی: ئەنتۆنی گیدنز.

٧. کتێبی "**کۆمەڵناسی گشتی**" لەنووسینی: مەنوچەهر موحسینی؛ وەرگیرانی موسڵیح ئیروانی

٨.کتێبی "**ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی هاوچەرخ**" لەنووسینی: فوئاد بەعلی؛ وەرگێڕانی زیرەک و سنور عبدالله

**تێبینی**: هەر سەرچاوەیەکی تر کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی کلاسیک لە سەر زاری باوکانی کۆمەڵناسی

## ١٦. ناوەڕۆکی بابەکاتی کۆرس

- سەرەتایەکی گشتی بۆ تیۆری کۆمەڵناسی
- کۆمەڵناسی ئیبن خەڵدون
- ئۆگست کۆنت
- کارل مارکس
- هێربەرت سپنسەر
- ئیمیل دۆرکایم
- جۆرج زیمڵ
- ماکس ڤیبەر
- تۆرستاین ڤێبلین
- چارلس هۆرتن کولی
- جۆرج هێربەرت مید

| | |
|---|---|
| **١٨-بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** | **نیە** |
| **١٩-تاقیکردنەوەکان** | |

**مەبەست چییە لە خەیاڵ/ ئەندێشەی سۆسیۆلۆژی؟**

فێربوونی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسی – سەیرکردنی، بە واتایەکی تر" لە ڕوانگەی فراوانتر – بە واتای پەروەردەکردنی چۆنیەتی تێڕوانین و هێزی تەخەییولە. توێژینەوەی کۆمەڵناسی تەنها پرۆسەیەکی ڕۆتینی بەدەستهێنانی زانست نیە. کۆمەڵناس کەسێکە کە توانای ئەوەی هەیە لە دەستبەجێیی بارودۆخی کەسی ڕزگاری بێت و شتەکان بخاتە ناو چوارچێوەیەکی فراوانترەوە. ئەنجامدانی کاری کۆمەڵناسی پەیوەستە بەوەی کە نووسەری ئەمریکی سی. رایت میلز بە خەیاڵی سۆسیۆلۆژی ناوی بردووە. خەیاڵی سۆسیۆلۆژی وامان لێدەکات لە سەرووی هەموو شتەکانەوە، 'خۆمان دوور بخەینەوە' لە ڕۆتینە ئاشناکانی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ئەوەی سەر لە نوێ سەیریان بکەین.

بیر لە کردەوەیەکی سادەی وەک خواردنەوەی کوپێک قاوە بکەرەوە. چی دەتوانین بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە بڵێین سەبارەت بە پارچە ڕەفتارێکی وەها کە بەڕواڵەت ناسەرنجراکێشە؟ بڕێکی زۆر گەورە

**٢٠. تێبینی تر:** **نیە**

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:** **پ. ی. د. شهلاء ولی جبار**